لە زۆر چێگای‌تردا دەڵێ : دەنگی خوشکم یان برام نایێ ، بەڵام وەک بزانم مردنی باوکی خاتوو ناواز بۆتە کەسەرێکی دڵتەزێن بۆیە دڵی خۆی بە دەنگی بابم لێ نایێ دامرکاندوە .

سەرەڕای ئەمانەیش چەندان گۆرانی دروێنەو ساوار کۆتانی لە بەشی گۆرانیدا بڵاوکردۆتەوە . لە دوا لاپەڕەکانی ئەم کێتێبەدا (۲۳) مەتەڵی بە وەڵامەوە نووسیوەتەوە ، ئەوەی شایانی باسە هەندێک لە لاپەڕەکانی ئەم کێتێبە بە وێنەی فۆتۆگرافو دەستکرد ڕازاوەتەوە ، بە ڕاستی ماندووبوونی ئەم خوشکە دڵخۆشکەرەیە ، خۆزگەی ئەوە دەخوازین کە خوشکانی‌تریش لەم مەیدانەدا کەم تەرخەمی نەکەنو بە خامەو بەنجەی ناسکیان کەێنێکی کێتێبخانەی کوردی پڕ بکەنەوە .

بیرۆڕامان دەربارەی ئەم کێتێبە بە نرخەی دایکی مرۆڤ .

۱ ــ هەرچەندە خوشکە ناواز نێوی سەرچاوەکانی ئەم بەرهەمەی لە پەراوێزەکاندا باس کردووە ، بەڵام دەبوایە یەک لە دوای یەک نێوو تەمەنو ڕۆژو خوێنی لە دایکبوون‌و دانیشتنی پیاوو ئافرەتەکانی لە پووخانی بووسیبا چونکە ئەم شێوەیە خزمەتی لێکۆڵەرەری زانستی دوا ڕۆژمان دەکا .

بروانە ل ۱۱

سەربازێکم

● میهرەبان حسن نادر ●

فیدای خاڵو نیشتمانم
بە دل بە گیان ئاگادارم
مشتێك لە زەوی‌و زارم
نادەمە دەست دوژمنانم

× × ×

سەربازێکی ئینسانم گەرم
شێری بێشەی نیو سینەکەرم
دزی سینەی بەرامبەرم
تا شەهید نەکرێم لە سەنگەرم

× × ×

باوکی شێنەی کۆل نەدەرم
بۆ نیشتمان ڕزگارکەرم
جێ ناهێلم سەنگەری خۆم
سەنگەری خۆڵی بیر لە هۆم

× × ×

بێست ئاکەمە دوژمنانم
نەبەی کاوەی دل بە هێزم
ڕوو لە هێرش بەرەو پێشم
ئاسۆی دڵەی بە جۆشم

× × ×

سڵاو بۆ دایکی بەڕێزم
بۆ دایکانی دل بەسۆزم
لە پێناوی ئاوو خاکم
ڕزگار ئەکەم گیانی پاکم

× × ×

سەرشۆڕ ناکەم بۆ دوژمنم
بۆ ڕەگەزی خوێنە خۆرم
کوتریکی ئاشتی خوازم
خاکەکەم جێی لانەوازم

× × ×

بە وبستی خۆم بەستە ئەڵێم
بۆ خاکە پر لە نازەکەم
لەو کاتەدا کە سەرکەوتم
ماچی لوولەی تفەنگ ئەکەم

× × ×

تفەنگی هەڵوی بەدەستم
ئەتیمە سنگی پر دوێنم
بە دڵێکی پر مەبەستم
بەرامبەر دوژمن هەڵ ئەستم

●

پاشاو کیسی زیرا

دبێژن دەمەکی دەورانەکن لەدەمرا زاخو پاشایەك هەبوو ئەمی پاشای خەڵکن دەمەکی کەڵەك نازدار کربوو . ئەگەر ئێمانیەك گەشتبایە ڕێگەکن یان هەر نشتەگن دی لەدەمەکی چ ئەسڵێن خوە بێفە ماندوو نەکر . چونە هەڵەن ئێمانیەك گەشتبایە چونە لا دەمن یان ڕێگەکن یان پرەلا نەفێی ، پاشا لا پارە (دراڤی) دتە هندە کەنجا ئو د بێژن هەڕن نەمی ئاری بکەن . جارەن وەزیری ئوت ــ پاشایێن خوبێت. ئە خەڵکن دەمەکی ژ بەر دەست دزەیخست . پاشای ئوتن بوجی ؟. وەزیری ئوتن ئەمە چەند ئێمانیەك گەشتنە برا یان ڕێکا .... کەسەك نابێژیت لا نەر چێکەم ، چونکە پاشای هەمی لشت یێن د ئێحسێن د ستوێ خوە دا . پاشا ما و ئوتە وەزیری : ڕابە ئاری خوە بکە ئو ئەم دێ چێن . کەڵ هەر دوو بەتنە ڕێکن ئو چەند (ئەن‌ئەنە) لەتنە دوبف . ئاڵو گەشتنیە ڕێکەدا ئەمك ، ئەوان پەرەن مەزن ئێنا ئرە دڕێخید ، و ئیە ئن زیرا ئرە دین ڕا. ئوت هەر ئەسەن ئەمی بەری ژ ڕێ ڕاست ژ هەڕی وێە ئەف کیسن زیرا ــ پاشا و وەزیر و کەن ئەمە هەمی زەرینەکە مال ... چەند ڕوزەك بورین. شفان د بەڕێ پەری دنە ڕێکن ئو ئاجێت .. دەمن گەهشتبایە جهێ بەر لن بەز دا کەفتە پشت ئێك. شفان دا خەبەرەکی بێژت وی یێ بەر کریە د ڕێکیدا . هەر وەسا کاروانی دا بورن و بەر ژ ڕێ نە ڕا د ئر ... چەند ڕۆژ بورین پاشای زانی ئو هەر بەر یێ د جهێ .

پاشای بربار دا کربرا ئو گازی بکەن سوباهی سەبرانە لگەڵ . سەرێ سحاری خەڵکن زاخو رابون ئەڕی خوە یێ سەبرانا کرن ئو بەڕێ خوە دا جهێ سەبرانێ ... هەر وەسا پاشا و وەزیر و هندی ئێك شبای بجت بدوبێتەك کەتن ... بەبن خوەتی و کەنی و ترانا و یاریدا بێ ئاگەنی

ڕۆژانە چیرۆك

ڕەووف بێکەرد

۱ ــ پاك بوونەوە

لێزمە بارانەکەی نەمشەو چێژێکی بە تامی هەیە ، باران هاوڕێیەکی دێرینەمە . لەگەڵ خۆشەویستی خۆڵ‌و بەفرا بە ڕەگەکانی لەشی منداڵ بووەتە خواردن . هەندێك جار وا هەست ئەکەم لەشی من بیابانێکی لاوبەو بێجگە لە ئیشکی ئەرمی خۆر هیچی لە ناو دڵا نەماوە، ئەو ئەبێتە میوانێکی خۆشەویست‌و ناگرە هەراسانەکەم دانەمرکێنێت . جاری ترپش هەستی من کۆترێکی بال شکاوە ، چاو ئەگێڕێت‌و بە دوای تراویلکەبەکی خەمەکانیدا وێڵە ، لە هەر کونجێەك نارەزوەکانی لەگەڵیان گرت یالە شکاوەکەی بە ئەواوی ئەنەوێنێت‌و لەسەر زەویەکە لا ئەدات . وا ئەمشەو لەبەر ئەو لێزمە بارانەدا خۆم ڕووت کردۆتەوە . ڕووت وەك شەوە سپیەکانی وولاتەکەم ، یان ئەستێرە بێ کرتووەکانی ئاسمانە بێگەردەکەی . لێزمەکە دام ئەشۆڕێت ، داشۆردنی دەرخێتکی گەرد لێ نیشتوو . ئاشە بەردێکی خۆڵاوی . چەم‌و ڕیخەڵانێکی ئاو لێ ئەونوو .

دام ئەشۆڕێت‌و منیش لەبەر دەمیا هەموو ماسوولکەو دەمارەکانی لەشم بەکاڵا کردۆتەوە . ئەمەوێت ئەمە بارانی باك کردنەوەو شۆڕ دنەوەو بێت . لێزمە بارانەکە لا ئێت

۲ ــ مامۆستا

ئەوەی بەکەم دێرە شیعری فێرکردم ڕۆژێك بەلایدا ئێبەڕیم ، کە بینیم وەك بەکەرێك لە بەردەمیا وەستام . بێم ووت : لە بیرتە بەکەم دێرە شیعرت فێرکردم ؟ وونی :

ئەی نۆ لە بیرتە بەکەم فێرکاسی بووبە بە چاکی بۆم بڵێتەوە ؟.

هەر دوای سێ ڕۆژ مامۆستاکەم مرد . لە سێبەم شەویدا بە ئەنیا دانیشتم‌و بێکەکەم لە چاران خەست تر کرد . بوومە ئەو ڕووبارە کورت‌و تێژانەی بە بەڵە بەڕەو ڕووبیساری کەورەو دەریاکان مسل ئەنێن . ڕۆژ ڕۆیشتم . تا گەیشتمە مامۆستاکەی ئەسپناو سکاڵای مەرگ‌و مامۆستاکەمم لا کرد . پێی ووتم : هیچ خەم مەخۆ ، ئەو لە تۆ بەخشەودڕتڕە ، چونکە مردن یان خەوێکی دوورو درێژە کە ئەبێتە خۆشترین وەنەوز . یان گەشتێکە بە جیهانە ئەمرەکەدا ، لە کۆیدا گەیشتە مرۆڤە جوانەمێرو مەزنەکان لا ئەدات‌و بۆ هەمیشە ئەمێنێتەوە ، ئینر لەو مەرگە ناترسێت کە خەڵکانێك لە تاوبا ناوێ‌ڕن هیچ بڵێن .

۲ ــ گۆنر

کلوو‌بەفرەکان بەر بەنجەرەی ژوورەکەم ئەگەوتن‌و ئەبوون بە دڵۆپێك ئاو ، دڕەختو سەر دیوارو ئاو چیمەنەکەیش لە بەفرا چێگایان بە دیار ئەمابوو ، ئاسمان بوو بڕوە کڵاوێکی سپی‌و بەسەر ئەم ئەستێرە دەڕوون ڕەشەدا کراوو ، چاوی منیش لەگەڵ کلوو بەفرەکاندا هەڵمە سوورا ، جارێك ئەنیشتە سەر یەئو تاوێکیش ئاوارەیەکی تەرێك بوو . لەم دیو بەنجەرەکەوە بێشوازیم لێ ئەکردن ، وام هەست ئەکرد من ئەوان‌و ئەوان منن .

ئۆنرێکی وەك کلوو بەفرەکان سیی خۆی کێشا بە بەنجەرەکەدا ، بینۆکەکانی لێ گیر کرد ، ئەی وبەت شوورشەکە بشکێنێت‌و بێتە ئەم دیو . لەسەر خۆ بەنجەرەکەم بۆ کردەوە . بە بێڵاوە سپیەکانیەوە هانە ژوورێ‌و، وەك میوانێکی دوودڵ لەسەر کەناری

بروانە ل ۱۱

پەیمان

● کمال رەمەضان

ژ تە فەنابم ژتە فەنابم
ژ سوزانە لێفە نابم
بۆ وەڵانی بۆ وەڵانی
لەفرو چەوا نەز نەرابم
گەر بەتێنەکا زێن مابم
هەردێ رابم دێ هەر رابم

* * *

هاتین هاتین زۆرو گەلەك
بۆ وەڵانێ هێزاو چەلەنگ
زۆرو گەلەك ئێك‌دل هاتین
زینا زینا ئەم بێ د خواستین
چەکێ مەل سەر ملایە
چەبەر کاخا شێرایە
گازیا دایێ ل کوهایە
وەڵات بابو برایە

* * *

گول فیانا ئەم دێ ئینین
دا وەڵانی بێ ب خەملینین
ئەم د ێ مینین ئەم دێ مینین
سرودانە جان فە هینین
هەمی گافا مەیال بەرە
بۆ وەڵانی رابین فەرە

●

پێشانگـــــایەك
لە چـــــوارقورنە

هونەری نیگارکێشان ... یەکێکە لەهونەرە بەرزەکان ، چونکە مرۆڤ لەسۆنگەی نەمدیاردەیەوە لەهەموو سەردەمێکدا توانیوویەتی هەستونەستی خۆی دەربـــڕێ و بیکاتە هۆیەك بـــۆ بەرچەڤەکردنی ناخی خۆی ..

هونەری شـــێوەکاری ەتشکیلی،ەیش ، ئـــەگـــەر لەکۆنیشـــەوە لەگەل ژیانـــی کوردەواریمان‌دا هـــاوردەم نەبووبێ ، ئەوا لەم ســـەر-دەمەی ئێستاماندا توانیوو-یەتی جێگەی فراوانی خۆی بکاتەوە لەناو هونەرەکانـــی ترۆپا .

ئاشکرایشـــە کە هەندێك لەهونەرمەندەکانمان لـــەم بوارەدا هەنگاوی باشیان ناوە ..ئەمە جگە لەوەی کە لەم دوایی‌یەدا کۆمەڵێکی زۆر لـــە هونەرمەندەلاوەکان قـــۆڵی هەوڵو ئێکۆشانیان لێهەڵما-لیوە بۆ پێشخســـتنو گەشەکردنی ئەم هونەرەو بـــە چاکـــی نیایدا ئواونەتەوە ، ئاشـــکرایشـــە کە ئومێدی ئایندەیەکی پڕوناکیبان لێ-دەکرێ . بەتایبەتی کـــە ســـەبردەکەین جاڵاکی نـــەم هونەرە لە ســـنووری شارەـــ گەورەکان دەرچـــــووەو شارۆچکەکانی گرتۆتەوە ..

دوایش لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی دەرچووم و زیاتر چوومە جیهانی ئەم هونەرەوە . لە هەمـــوو فیســـتیڤاڵەکانی پەیمانگا بەشداریم کردووە . لەســـاڵی ۱۹۸۵ لە کۆبە بە ۲٤ تابلـــۆ پێشانگایەکی تایبەتیم بـــۆ یەکەمین‌جار کـــردەوە وە جێگـــەی رەزامەندی بینەران بـــوو .

من هونەر بە ئەویندارێکی بەڵگی خۆم دەزانم ، چونکە تاڵانە زەمانێکیو ڕاستی‌ی لێوە دەبیستم ...

● مامۆستا «حسام‌الدین» ەیش گووتی :

ـ لە دەرچوونی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغـــدام لەساڵی ۱۹۷۵ ـ ۱۹۷٦ ، لە منداڵی‌یەوە خولیای ئەم هونەرە لەسەرم دابوو . لە زۆرەی پێشانگاکانی قوتا-بخانە بەشداریم دەکرد ... لەســـاڵی ۱۹۷۰ خەڵاتی چاکترین تابلۆم وەرگرت لە پێشـــانگای قوتابخانەکانی کەرکوك . ئیژنیشم وایە ئەمساڵ پێشانگای تایبەتیم بکەمەوە ..

بەڕای من بایەخەکانـــی ئیستاتیکی لای هونەرمەند دەکەوێتـــەوە بۆ کارامەیی‌و لێزانی‌و بەهرەی ئەو کەسە . چونکە دەورووبەر لە ناخو دەروونی هونەرمەندا ڕەنگی داوەتەوەو ئێکەمل بە هۆش‌و هەڵجوونی خودی بـــووە !! دەنگی هونەرمەندیشـــی لەئەنجامی لەبیرنەوەی زۆی خواستەکانی کۆمەڵەکەیەوە دەبیستڕێ و پەخش دەبێ ..

نیازی حمە عزیز





لەژێر سایەی ئاسۆسی ئامێزی زێی بچووکدا ، لە پاتایی ناوچە بەپیتەکەی پشـتەری دلگیردا ... بینا جوانو قەشـــەنگەکەی ـ مەڵبەندی لاوانی قەڵادزێ ـ خۆیمان نیشان دەدا ، کە لـــە بەرێزی دڵی زیندووی ئەم شـــارەدا ، تۆزی هونەری جاڵاکیەکانی « شانۆ و مۆســـیقاو وەرزش »ای چاندووەو دیدەی مەستو خوماری جەماوەریان بە گڵێتوکی ئەم هونەرانە داڕشتووە .

ئێمەش بۆ ئەوەی باشترو ڕوونتر بچینە نێـــو هەواری شیرینی ئەم مەڵبەندەوەو زووتر بگەینـــە بنجو بناوانی بەشە جۆربەجۆرەکانی ... هەر بـــۆ ئەو مەبەستەش ڕێگەی ـ مەڵبـــەند ـ مان گرتە بەر و بینیمان چەند جموجۆڵێکی بـــەرفـــراوانی هونەری لە چوارچێوەی ئەم بینا قەشـــــەنگەدا لەنگەری گرتووەو ســـەرهەڵدەداو بـــە هەر چوار ـ دەوریشیدا پەلی ڵێ بۆتەوە لەوانە (تیپی مۆسیقا ، تیپی گۆرانی ، چەنـــد تیپێکی وەرزشی ، دوو تیپی نواندنیش ...) .

بۆ زیاتر ئاشنابوون‌و ڕوونکردنەوەش لە بارەی ئەنجامدانی کـــارە هونەریەکان‌و جاڵاکیەکانی ئـــەم بەشـــانە بە دیداری بەرێز کاك (عەلی بابکر وەتمان) ، بەرێتوبەری مەڵبەندەکە شاد بووین : کە ســـەرەتا دەربارەی دامەزراندنی ئەم مەڵبـــەنـــدە کەوتە گفتوگۆیەکی ســـەربێی لە گەڵماندا گوتی :

● مەڵبەندی لاوانی قەڵادزێ لە بـــەرواری « ۱۹۸٤/٥/۳۰ »دا کراوەتەوە ، وە هەروەها لـــەم مەڵبەندەشدا کۆمەڵە جاڵاکیەکی هەمەجۆر ئەنجـــام دەدرێ ... لەوانە (یاریەکانی وەرزشی بە هەموو بەشـــــەکانیەوە ، وەك : (گۆنفۆ ، کاراتی ، بەرزکردنەوەی قورســـــایی ، تۆپی پێ ، باڵە ،



لە جاڵاکیەکانی لاوانی‌دانیە

کۆڕێکی ڕۆشنبیری لە ڕانیە

لـــەکـــاتژمێـــری (۳) ی دوای نیوەڕۆی ۱۲ـ۱ـ۱۹۸٦ لیژنەی ڕۆشنبیری مەڵبەندی لاوانی ڕانیە کۆڕێکـــی پەروەردەیی بۆ کاك (عمـــر مەرگەیی) بەناوی (سەرەتایەك لە پەروەردەی منداڵ) لـــە هۆڵی مەڵبەندی لاوانـــی ناوبراودا ڕێکخست .

لەســـەرەتادا کۆڕگێر شـــێرکۆ عبدالله) ووتارێکی کورتـــی خوێندەوەو تیایـــدا ئاماژەی ئەوەی کرد کە لەم دوایی‌یەدا لەشاری ڕانیە جموجۆلێکـــی ئەرێی‌و ڕۆشنبیری فراوان دەســـتی‌پێکردووەو هیوای ئایندەیەکی ســـەرکەوتوو دەکـــرێ لـــەم بوارەدا .. هەروەها دەستنیشـــانی ئەوەی کرد کـــە مەڵبەندی ناوبراو هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ پشتگیری کردنی ئەوڵاوە خوێندکارەمانەی لەو ڕێبـــازەدا کاردەکەن .. لەکۆتایـــــی ووتارەکەیدا خاوەن کـــۆڕی سەبارەت بەشـــــێوازی پێشـــکەوتن‌و بەردەوامیەتی هونەرمەند لە هونـــەرا ، سروشتو جوانی دەورو بەر بە شێوەیەکی کشتی کارێکی ڕاستەوخۆی هەبوو لـــە تابلۆکان کە ســـەر بە دوو ڕێبازی هونەری بـــــوون تەجریدی‌و واقیعی .

ســـەرجەمی تابلۆکان (۳۸) تابلۆی قەشـــەنگ بوو کە لـــە ماوەی پێنج ڕۆژی پێشـــانگا-کەدا . جەماوەرێکـــــی ڕۆشنبیری زۆری لەسەر کۆ بوبونەوە ، کۆمەسەی ئـــەم کارانەش تەنیا مەرەکەبـــی چینی بوو .

(ئاشتی ، هیوا ، جەنگ) بەم ناوانەو لەسەر ئەم بابەتـــانە گرنگترین‌و ســـەر کەوتوترین تابلۆکانـــی هونەرمەندی پێشان دابوو .

هەر لە بارەی ئەم کارانەوە هونەرمەند وتی :

ڕەنگی ڕەش کە هیمایە بۆ کارەساتی ناڵبار ، ڕەنگێکە ساڵەهایە مرۆڤ کێشـــەی ناخۆشی لەگەڵدا بردۆتـــە ســـەرو هەزاران ترازیدیای دڵتەزێنی بەســـەر مرۆڤدا هێناوە ، بە پێچەوانەی ئـــەم ڕەنگە ڕەشەش ڕەنگی ســـپی جیهانی‌و ئەو ڕابەرە قوربانی-دەرانەی لەم بارەیـــــەوە دەوریان هەبـــووە ، هەروەها باس‌کردنی لایەنە فیزیکاری‌یە ـکان لەم بەرومەردەکردنەدا . جگـــە لـــەوەش کردنەوەی ئەوڵایەنەی کە مامۆستاکانی سەرەتایی چ ڕۆڵێکیان هەیە لـــە دەســـتەبەرنەکردنی دڕووستی‌ی ئەو بارودۆخە .

دوایەشـــی باسەکە بڕیتی بوو لە چارەسەرکردنی ئـــەو کێشەی ڕەنگی ڕەش و سپی لە

پێشانگای عەلی محەمەد دەرویش

لە ئیستفالی ساڵی (۱۹۸۲)دا خەڵاتی یەکەمی بۆ بەخشراوە ،وەلە ســـاڵی ڕابوردوبیش‌دا یەکەم پێشانگای هونـــەری تایبەتی کردۆتەوە .

کارەکانی ئـــەمجارەی هونەرمەند زۆر جیاوازبـــوو لە کارەکانی پێشانگای یەکەمی ،چ شـــێواز چ ناوەرۆك گۆڕانێکی تەواوی هەبوو لـــە پێشـــکەوتن‌و بەردەوامیەتی هونەرمەند لە هونـــەرا ، سروشتو جوانی دەورو بەر بە شێوەیەکی کشتی کارێکی ڕاستەوخۆی هەبوو لـــە تابلۆکان کە ســـەر بە دوو ڕێبازی هونەری بـــــوون تەجریدی‌و واقیعی .

ســـەرجەمی تابلۆکان (۳۸) تابلۆی قەشـــەنگ بوو کە لـــە ماوەی پێنج ڕۆژی پێشـــانگا-کەدا . جەماوەرێکـــــی ڕۆشنبیری زۆری لەسەر کۆ بوبونەوە ، کۆمەسەی ئـــەم کارانەش تەنیا مەرەکەبـــی چینی بوو .

هەر لە بارەی ئەم کارانەوە هونەرمەند وتی :

ڕەنگی ڕەش کە هیمایە بۆ کارەساتی ناڵبار ، ڕەنگێکە ساڵەهایە مرۆڤ کێشـــەی ناخۆشی لەگەڵدا بردۆتـــە ســـەرو هەزاران ترازیدیای دڵتەزێنی بەســـەر مرۆڤدا هێناوە ، بە پێچەوانەی ئـــەم ڕەنگە ڕەشەش ڕەنگی ســـپی ڕەمزی هیواو خۆشی‌و لـــە دایکبوون بەرهەنگاری هەموو ئەو ئاڵارانە بۆتەوەو وەرەبەکی ئەواوی خستۆتە بەر دڵو گیان‌و هەستی مرۆڤ .

لێرەدا من وەك هونەرمەنـــدێکی ســـەرجەمی ئەو هەمـــوو ئاڵارو خۆشیانەم بە بۆیەو فڵچە ڕوو بە ڕووی جەماوەر دەربڕیـــوە لـــە جۆرێتیەوە تابلۆدا .

عبدالستار شوانی

کێشەی ڕەنگی ڕەش‌و سپی لە

لە مەڵبەندی لاوانی قەڵادزێدا

بوارەشدا بـــە هەوڵێن بەم نزیکانـــە ـ ئامەنگێکی قەشـــەنگ ـ پێشـــــکەشی جەماوەری قەڵادزێ بکەین ... هەر بەم هۆیەشـــەوە لە ســـەردانێکی مامۆستا « عادل »دا بۆ مەڵبەندەکەمان ، کـــەم‌و کوڕی مەڵبەندەکەی لـــە پێداویســـتی هەموو بەشەکاندا ... بەتایبەتی مۆسیقا ... خوایـــە بەردەم‌و ئەویش زۆر لە کەم‌و کوڕیەکانی بە ئەنجام گەیاندون بۆ ئەوەنە ئەوەتا : لە ڕۆژی ۱۹۸۵/۱۲/۹دا هەموو جۆرە ئامێرێکی مۆسیقای بۆ ڕەوانە کردین لەگەڵ پرۆگرەمکردنی هۆڵو بارەگای بەشـــەکان ، وە ناردنی چەندین کالـــەو پێڵاوی یاری‌و فانیلەو تراکسوت ... بەڵام ئەوەی کە ئابن لـــەیـــاد بکرێ « تەلەڤزیۆن فەرمانبەری شارەزای ڕاهێنەری بەشە هونەریەکـــانـــە » ، ئەوەی کـــە ماین « کورســـی هۆڵەکەیە » ... ئەویش بەم زوانە بە هیواین پێیان شاد ببین ... جگە لەم بەشانەش لەمەودوا بـــە هیواین دەورەیەکی تایبەت بکەینەوە بۆ ڕاهێنانو فێربوونی یاری (شەتڕەنج) بەڵام بەداخەوە لـــە بواری هونەرو وێژەدا تا ئێستا هیچ کۆرێکی نەدەبی‌و ڕۆشنبیری تێدا پێشکەش نەکراوە ... هەروەها لەم بوارەشدا لەمەو دوا هـــەوڵ دەدەین چەنـــد کۆرێکی نەدەبی تێدا ساز بکرێو ، شاعیرە لاوەکانی تێدا بەســـەر بکرێتەوە ...

● لە بەشی شانۆی مەڵبەندەکەدا هونەرمەند قەسی حسن بابکر کە لە دوو شانۆی مەڵبەنـــدا دەوری بینیوە گوتی :

جێگای میهرو شانازیە کـــە ئاستی هونەری ئواندن لە قەڵادزێدا لە گەشـــەو بەرەســـەندنداببە ، ئەم دوو لێپانەش ـ قەڵادزێو پێشـــرەو ـ بە پێی توانا توانیویانە دڵی جەماوەر لە خۆیان ڕازی بکەن‌و زمارەیەکی زۆریش لە ئەکتەری لێهاتوو لـــە دەوری خۆیاندا کۆبکەنەوەو بە یاساو ڕێبازی نوێدا بیـــان بەن‌و لە تەختەی پیرۆزی ئەم مەڵبەندەدا یەکیـــان پێ بگرنەوە ... ، هیواداریشین کـــە لەمەو دوا بەرهەمی جـــوانتـــرو چاکتر بکەینە هـــەوێن‌و ، پێشکەشی جەماوەری ئەم شارەی بکەین ...

● ئێنجا لە ســـــووچێکەوە هونەرمەندێکی ژیکەلەی بچکۆلـــە بە ناوی ـ نوزاد عەلی ممند ـ هەلیدایەو گوتی :

ســـەرەڕای ئەوەی کـــە ئەندامی تیپی نواندنی پێشـــرەوم‌و گۆرانی بێژیشم لە تیپی مۆســـیقادا ، بەڵام (خۆزگە تیپێکی مۆسیقاو نواندنی منداڵان لە شارەکەماندا دابمەزرایە !!) هەرچەندە کـــە تیپی نواندنی قەڵادزێ هەوڵێکی زۆری داوە لەم پێناوەدا بەڵام نازانین کە ئەنجامەکەی چی لێ بەســـەر هـــاتو بە کوێ گەیشت !!! ئێمەش بە ناوی خۆمانەوە دەبێ

بروانە ل ۱۱

● حمە جاف ●

Institut Kurde de Paris

چەند زانیاریەکی نوێ لە بارەی نەورۆزو پیرەمێرد - ەوە

لە دیاردە ئەدەبیەکانی کوردستان

بەشی چوارەم

غەفور میرزا کریم

لەم کوردەواریەی ئێمەدا هەتا ئێستە کە باسی نەورۆز ، دەکرێت ئەوا پیرەمێردمان دیتەوە یاد . پیرەمێرد و نەورۆز و گردی یارە و ئاگری نەورۆز هاوکێشەیەکی وەهایان دروستکردوە یەکتری تەواو دەکەن .

— بەشی یەکەم —

ئەوەی کە پەیوەندی بە نەورۆز و پیرەمێردەوە هەیە هەموو ساڵ لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیەکاندا دەخرێنە پێش چاوی خوێنەران چەند واتایەکی دووبارە بووەوە جوینەوەی یەکترە . ئەویش سروودی نەورۆزی پیرەمێردە - ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە - و ئاگری نەورۆز لە گردی یارە . تەنانەت لە دیوانی - پیرەمێردی نەمر - دا کە - م. هاوار - ساڵی (۱۹۷۰) لە چاپی داوە بەشێکی تەرخان کردوە بۆ نەورۆز و پیرەمێرد ، بەڵام بەداخەوە لەوبش زانیاری نوێو نەبیستراو و بەڵکەی زاستیم لەم ڕووەوە نەدۆزیەوە . بۆ ئەم مەبەستەو بەیادی نەورۆزی ئەمساڵەوە وێستم ئەم لێکۆڵینەوەیە بڵاوبکەمەوە .

یەکەم : نەورۆز و پیرەمێرد لە پێش ساڵی (۱۹۰۰) دا و پێش چوونی پیرەمێرد بۆ تورکیا .

کاتێک توفیقی مەحمود ئاغای هەمزاغای مەسرەف نەبووبوە - پیرەمێرد - و پیر نەبوو بوو ، لاو و بەڵکە منداڵێك بوە باوکی ناردبویە بەر خوێندنی ئاینیو لە حوجرەی - مەلا حسێنە گۆچە - دەی خوێند . مەلا حسێن لە نەورۆزدا داوای نەورۆزانەی کردوە کە توفیقی منداڵو هاوەڵە قوتابیەکانی بۆی بێنن . جگە لەمەش هەر لەو تەمەنەدا بە کۆمەڵ چونەتە لای - شێخ ئەوزا سورەی تۆڵە توبی - کە دەست خەتی خۆش بوە ، نەورۆز نامەی بۆ نووسیونەوە . ئەم یادگارانەی منداڵی لە بیرو میشکو دەرونی تۆفیقدا ماونەتەوە ، هەتا گەورە دەبێتو دەچێتە تورکیاو بیستو پێنج ساڵ لەوێ دەبێتو دوایی دێتەوە سلێمانی . ئەو کاتە پیر دەبێت و لە ساڵی - ۱۹۳۲ - دا بۆ یەکەم جار(۱) ناز ناوی پیرەمێرد بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ . با بزانین خۆی لەم بارەیەوە چی دەڵێ « منداڵ بووم لای مەلا حسێنە گۆچە دەم خوێند ، کە ئەگەبشتینە دەمی بەهار مامۆستا لەی گوت بچن نەورۆزانە بێنن ، ئێمەیش بەسەر دایکمانا ئەگریاین ، سا دایك باوکمان هەر چیان لە دەست بهاتایە ، هەر چیان لە بارا بوایە یا - چەرخی - یا - قرانی حەمە شایی - یا بە نەبات ئەبان داێن ، ئەمان هێنا ئەویش بەشی خۆی لێ هەڵ دەگرت یەکی - قەمەریەکی - ئەداینێ ئەچوین لە مزگەوتی شێخ ئەورەحمانی شێخ ئەبو بەکر ، شێخ ئەوزا سورەی تۆڵە تووبی خەتی خۆش بوو ، نەورۆز نامەی بۆ ئەنووسینەوە »(۲) . کاتێکیش کە سامانێکی زانستیو ڕۆشن بیریی لە تورکیا پێکەوە دەنێت و دەگەڕێتەوە . وەك خۆی دەڵێت : « بە نیوە خوێندەواری لە سلێمانی دەرچوم و خوێندنێکی بەرزم هێنایەوە »(۳) . لەو ڕۆژگارەدا کە دەوڵەتی عیراق دروست بوو ، خوێندن لە ووڵاتی سلێمانیدا لە تورکیو فارسیەوە دەبێ بە کوردی ، ئیتر حاجی توفیق دەگەڕێتەوەو یادو بیرەوەری ڕۆژانی نەورۆزی منداڵی خۆیو زیندوو کردنەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەی لە بیر و خەیاڵدا دەبێت . ئەوە بوو هەر لە سەرەتای ساڵانی (۱۹۳۰) وە و بە هۆی دروستبوونی - کۆمەڵەی زانستی - یەوە کە خۆی - کوڕ گەلی زانستی(٤) - پێ دەگوت ، کەوتە کردو کۆشیو هەوڵێکی زۆر بۆ ژیاندنەوەی ئەم نەریتە کۆنەو نوێ کردنەوەی بە شێوەیەکی ئەو تۆ کە لەگەڵ ڕەوتی سەردەمەکەی خۆی بگونجێ . چونکە لای ئەو نەورۆز مانایەکی لەوە گەورە تری هەبووە کە تەنها ئاگر کردنەوەو هەڵیەڕین و ئاهەنگ گێڕان بێت یا سروود وتن بێ ، بەڵکە ئاگر کردنەوە لای ئەو دوو مانای گەورەی هەبووە ، یەکەم گۆڕانی سروشتو نوێ بونەوەو ژیاندنەوەی خاکی مردوو ، تەقینەوەی کارێزو کانی وشك بوو ، دووەمیش مەسەلەی ڕوناکی ، کە ئەمەیان زۆر تر مەبەستی ئەو بووە . ڕوناکی کە ڕەمزی پێشکەوتنو بە ئاوات گەیشتنی نەتەوەکەی بووە . وەك خۆی دەڵێت « ئەمەوێ عالەمی مەدەنیەت ناگادار بکەم کە ئاگری یارەی ئێمە بۆ ئاینی ئاتەش پەرستنی نیە ، بۆ ئەمەیە کە ساڵی تازە ، ڕێی بەختی میللەتەکەم ڕوناك بکەمەوە »(۵) . وەك لەمەو پێش نووسیمان بوونی نەورۆزو ئاهەنگ گێڕانو نەورۆز نامە خوێندنەوە بەو بۆنەیەوە هەر لە سەردەمی منداڵیەوە لای پیرەمێرد ژیاوەو لەگەڵو دەروونو بیریدا چەسپاوە ، واتە لەو ڕۆژەدا کە لەسەر لوتکەی چیاکان ئاگر کراوەتەوەو نیشان دراوە کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی دەست پێ کردنی یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێو کوردیەیە . چونکە لەو سەردەمانەدا وەك ئێستا خوێندەواری نەبوە هەتا بە هۆی ڕۆژ ژمێر و ڕادیۆ و هۆکانی تر هەوال بگاتە هەموو ناوچەیەکی نزیك و دووری کوردستان وە ڕای بگەیەنن کە یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێ دەستی پێ کرد . جگە لەمەش ئەو ئاگرە لەو ڕۆژەدا مانایەکی گەورە تری هەبوە ، ئەویش ڕەمزو نیشانەی سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەری کورد بوە بەسەر ئەژدەهاکی زۆرداردا. واتە دوو شۆڕشبووە ، شۆڕشی ژیانەوەی سروشت ، شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵك دژی زۆرداری . جگە لەمانەش پیرەمێرد ئامانجی بۆ ئەوەی کردوە کە ئەم جەژنە لە تورکیاش کراوەو لەوێ بە ڕۆژێکی پیرۆز دانراوەو بە نیشانەی ساڵی نوێو نوێ بو ئەوەی سروشت بینراوە . دەنووسێت « کاتێکیش چوومە ئەستەمول لە سەرای پادشاهیدا ڕۆژی نوێی مارت هەموو (وکەلاو) (وزەرا) ئەهاتنە - مابەین - تەبریکاتیان ئەکرد . نیشان بەو نیشان شیرینی نەورۆزیان ئەخواردو شەوی نەورۆزیش ل

ڕۆژ بە ڕۆژ

هۆلی بێ ناو !

هەر کەسێك ، ڕێی دەکەوێتە هۆلە خنجیلانەکەی نەسیندارێتی ڕۆشنبیری و لاوان کە دەکەوێتە شەقامی میدیا ، یان کانێك بە بەشەکانی‌دا دەگەڕێ ، زیاتر لە جارێ تەزووی گەرمی بەختەوەری بە دەمارەکانی لەشی دادێ و دەڵێ : ئۆخەی ... ئۆخەی کە ئەم شارە دێرینە پڕ چالاکی‌یە ڕزگاری بوو لەو هۆلە ووشکانەی تا ئێستا نیوەی حەزی خەڵکی شارەکەی نەهێناوەتە دی ..... چونکە ، هەندێکیان تەسك و تروسکن ، هەندێکی تریان سارد و سڕن و ، هەندێکی‌تر داڕوخ دەکەن و نەمەش بەختی ئێمە ماتانە ...

کردنەوەی ئەم هۆلە تازەیە ، لەم بارو زەوقە شارستانی‌یەی خۆی‌دا ، دیاردەیەکی پێشکەوتووی شارستانی‌یەو هەق وایە دەستی ئەوانە بگوشین ، ئەگەر لە کەورەوە تا بچووك لە ڕازاندنەوەی بەشداربوون ...

ئەوی جێی سەرنجە ، وا بۆ چەند مانگێك دەچێت لە تەمەنی ئەم تاقانەیە ، هۆلەکە هەر «بێ ناوو نیشان» ماوەتەوە ...!! لە کارت و پڕوپاگاندە جارێك دەنووسرێت .. «هۆلەکەی شەقامی میدیا ...» جارێکی تر دەنووسرێت «هۆلی تەنیشت هەورامان ..!» .. یان .. «بەرامبەر نەقابەی کرێکاران ...» .. لە هەموو شیان ئاسانتر ئەوەیە ناوێك بۆ ئەم هۆلە شیرینە بدۆزنەوە ...

ـ شێرزاد ـ

نەخۆشخانەی هەڵەبجە پێویستی بە ڕاگرتنەوە هەیە

وا بزانم هیچ لەوە خۆشتر نیە کە ئەگەر نەخۆش بوویتو لە ماوەیەکی کەمدا گەیاندیتیانە لای دکتۆرو لەوێش چارەو دەرمانی پێویستیان بۆ نووسیتو بە شوێنۆ جێگای حەوانەوەیان گەیاندیت !

ئەمە ئاوانی هەموو نەخۆشێك بوە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا ... بەڵام با بزانین ئەم ئاوانە لە نەخۆشخانە نوێکەی هەڵەبجە لە چ پلەیەکدایە؟! چارەسەری نەخۆش لەوێ چۆنەو چۆن نەکرێ ؟!!.

لەدوایی ساڵی ۱۹۸۰ دانیشتوانی شار گەورەو بچووك هەموو خۆشحاڵی خۆیان بەرامبەر کردنەوەی نەخۆشخانەی نوێ دەربڕی .. ماوەیەك بوە مژدانەو نوقڵانەی دانیشتوانی شارەکە .

لە سەرەتادا ژمارەیەك دکتۆری جۆراو جۆری شارەزای لە هەموو نەخۆشی‌یەکان بۆ ئەرخان کرا نەخۆش هەڵەبەکی چاکی لە گەڵدا نەکراو دەرمانیشی بە بڕی پێویست بۆ نەنوسرا ...

بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆی بەختەوەری خەستەخانەی نوێتی زۆر دڕێژەی نەکێشاو وا وورده وورده مۆمی بەڵای ڕوو لە کورێی دەکاو خەریکە دەچێتەوە سەر چاڵە کۆن .

بۆ گومان لە ڕووی گەورەو بچوکی‌و باشرو خرابی شوێنەوە جیاوازیان هەیە بەڵام لەڕووی ژمارەی دکتۆرەکانو ماسڵەی نێوان خەستەو ئەمراشرو دکتۆرو بالێو خاوێنی‌یەوە بەگشتی دەبەوێ بچێتەوە سەر هێڵە کۆنەکە .

ئەمەبالفی‌یەکی زۆر لە بەردەم ڕووی دکتۆرەکاندا بەدی ئەکرێ نەخۆشە جۆراو جۆرەکان ناچار ئەبن ماوەیەکی زۆر بوەستن تا نۆرەیان دێتو دەچنە ژوورەوە هەر کە چونە ژوورەوەش نەمونەدەی بڵێی یەکێو دوو هەتا دە چارەسەر کراوەو ئەمرەقەکەی دەستی بۆ ڕەمش کراوەتەوە ... دیارە بۆ دکتۆر بۆیە وا بە خێرایی ڕایدەبڕێ دەکا تا قوربای هەموو ئەمبالفی‌یەکە بکەوێ !

بەم جۆرە هالاوی بێزاری خەڵکەکە لە بەردەم ژوورەو ئەمبالفەکەدا بەرز دەبێتەوەو دەکەوێتە گلەیی کردن لە کەمی دکتۆر !.

شارەکە نزیکە ۳۰ تا ۵۰ هەزار کەسی تێدایە بەڵام ژمارەی دکتۆرەکانی لە ۲ تا ۳ دکتۆر تێ ناپەڕێ کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ژمارەیەکی زۆر کەمە لە چاو ئەو دانیشتوانە زۆرەدا ... چونکە دکتۆرەکان نەك هەر ئەوەندەی کە چارەسەری ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانیان بێ ناکرێ بەڵکو لە ڕادەبەدەریش ماندوو ئەبن و هەندێ جاریش ئەکەونە بەر ڕەخنەی ئەمو ئەو !.

بان ئەو خەستەخانەیەی کە تەیدایە بۆچی ڕێك و پێك ناکرێ و کەرەستەی پێویستی تێدا دانانرێ ؟... بان ئەو زەوی زۆرەی کە بە چوار دەوریدا دیواری بۆ کراوە کە بکرێ بە باخچە بۆچی چیمەنۆ کۆلی تێدا نانێژرێ .

دەرمانخانەی خەستەخانەکە زۆر دەرمان هەبە تەیدا دەست ناکەوێ لە کاتێکدا کە شارەکە دەرمان خانەی تری تێدا نی‌یە !. خۆ ئەگەر نەخۆشی‌یەکەت لە بۆنەی ئامێرو دەستو بەنجەی دکتۆردا نەبوو ئەوە بەرەو خوارتر سلێمانی‌و بەغدا ... هتد

لە کۆتاییدا بە هیوام بەم کورتە نووسینە تینکیکم خستبێتە سەر نەخۆشخانەی هەڵەبجەو توانیبێتم بە مەبەستێکی پاکو بەسوود چەند تێبینی‌یەکم لە نەخۆشخانەی ناوبراو خستبێتە بەردەم هەموو لێپرسراوان و خوێنەران .. سوپاس و ڕێزیشم بۆ هەموو لایەك .

عبدالله دەشتی
هەڵەبجە

چالاکی قوتابخانەکان لە چوارقورنە

قوتابخانەکانی چوارقورنە نەمسال گۆڕانێکی تەواویان بەخۆیانەوە بینیوە لە چاوساڵانی پێشوو لە ڕووی نەدەبیو ڕۆشنبیری‌و هونەری‌و زانستی ..

ماوەماوە میهرەجانو پێشبڕکێ سەر بە هەموو قوتابخانەکاندا دەکات .

ئەوێش بە پێی بڕیاری بەڕێوەبردنی کە لە ڕۆژی ۱۲ـ۱۱ـ۱۹۸۵ بە نووسراوی ژمارە (۱٤۸) لە «مکتب الطلبة والشباب» نووسراوێك بۆ قوتابخانەکان نێردرا کە لە هەموو مانگێکدا چالاکی‌یەك بنوێنن بەپێی ڕۆژنامە نێستیمانی) وەهەموو قوتابخانەیەك پێشڕێکی‌نی بەبێ پۆلەکان بکەن بە مەرجێك پۆلی یەکەمو دووەم لەم پێشڕێکی‌یە بەشدار نەبن .وەهەر بە سێ مانگ جارێك دوو قوتابخانە لەگەڵ یەکتر پێشڕێکی نێو خستەیەی بۆ قوتابخانەکانی چوارقورنە هاتووە ، دەبێت لە ڕۆژانی (٦)ی هەموو مانگێك قوتابخانەی چوارقورنەی تێکەڵ وانەی یەکەمو دووەمی لەرخان بکات بۆ پێشڕێکی ، بابەتەکانیشیان بڕیتی بێت لە ۱) ڕۆشنبیری ۲) زانیاری ۳) کۆمەڵایەتی ٤) هونەری .

وەلە ڕۆژانی (۹)ی هەموو مانگێك قوتابخانەکانی (کاوە)ی تێکەڵو (کاروخ)ی تێکەڵو (ئالانی) تێکەڵ بۆ هەمان چالاکی خۆیان نامادە بکەن .

وەلە هەر پۆلێك (۱۰)دە قوتابی نامادەی ئەم کارە بکەن وە بە پێی نووسراوی ژمارە (۱۳)ی ڕۆژی ۱٤ـ۲ـ۱۹۸٦ کە لە (مکتب الطلبة والشباب)وە دەرچوو بوو .. پێشڕێکێ‌یەکی گەورە لە بەینی قوتابخانەی (کاوە)و (چوارقورنە) ساز درا لە کات ژمێری (۱۰)ی سەر لە بەیانی لە بینای قوتابخانەی چوارقورنە . کە هەر قوتابخانەیەك (٤۰) قوتابی نامادە کردبوو .

سەرەتا قوتابخانەی کاوە دەستی بێ کرد بەنۆبەرێتی شەهید لە نووسینی مامۆستا (جوهر قادر)و نامادە کردنو دەرهێنانی مامۆستای هونەر سەمەند (علی محمد عبد الرحمن) چەند قوتابی‌یەك دەوری‌یان بینیبوو کە لە هەمووی‌ان دیارتر (شفیع سابیر و حسن علی نادرو ، محمد حسن یوون). دوای ئەوە قوتابخانەی چوارقورنە بە سوودێکی نێستیمانی‌و هەڵبژێرکێ‌یەك دەستبان بێ کرد . ئەنجا بۆ بابەتە زانیاری‌یەکان چەند قوتابی سەیەکی هەر دوو لا بەرامبەر بەکتر کران . وەبابەتە زانیاری‌یەکان هەڵگاوەی وانەکانی خۆیان بوون .دوا بەدوای ئەوەش پێش بڕکێ فۆلکلۆری هەردوو قوتابخانەکانی گرتەوە سەرئەنجام بە (۲۳) خاڵ بەرامبەر کۆتایی یان بە پێش بڕکێ یەکە هێنا . شایانی پاسیشە کە قوتابخانەی کاوە بەسەر پەرشتی مامۆستای نووسین و ڕێکخستنی و نوسینی‌و ئامادەکردنی‌و چاپ کردنی ، کەماوەی مانگێ دەخایەنێت ، قوتابیانی پلەی بەرێز (حمدیە ، خەبات)بوو. لەکۆتاییدا هیوای بەردەوامی بۆ قوتابیان دەخوازین لەم بوارەداو ، چاوەڕێ ڕۆژێکی برشنگداریان لێ دەکەین .

نەحمەد بۆلی

شانۆنامەی تەرازوو

لە ڕۆژانی ۱۸ ، ۱۹ی‌ئازاری ئەمسال ، لەسەر شانۆی مەلبەندی لاوان ، جەماوەرێکی زۆری هونەر دۆستو هونەرمەندانی هەردوو شاری خۆشەویستی ڕانیەو قەڵادزێ ، بە دیداری‌شانۆنامەی تەرازوو شاد بوون ،

ئەم شانۆنامە لە نوسینی مامۆستا ئەمینی میرزا کەریم و ئامادەکردنو دەرهێنانی هونەرمەند محمدی ملا اسعد بوو .

ئەو ئەکتەرە دڵسۆزانەی لەم شانۆنامەدا بەشداریان هەبوو ، ئەمانە بوون :

محمدی ملا اسعد پاساول
کاوە احمد حمد حاکم
سەرەکی دادگا ، دیاری محمد امین چیرۆك نووس ، کەژاڵ عبدالله وسوو چیرۆك نووس عمر حسین حسین شاعیر، ابراهیم عزیز بابان وێنەکێش مصطفی احمد سعید شمشال ژەن ، جمال حاجی سێنەجیانی نائب مدعی عام ، بکر حسن حاکم ئەندام ، جبار شریف محمد حاکم ئەندام ، ابراهیم کریم پۆلیس ، کامەران محمود پۆلیس ، ابراهیم سۆفی بابکر کاتب ، بەختیار اسماعیل پارێزە ، عبدالله طەحەکیمەخوان ، عبدالواحد رسول کورس ، بهمن رحمان کۆرس ،خدیجه محمد رسول کۆرس ،خدیجه محمد امین کۆرس ،

شایانی باسە ئەم بەرهەمەی تیبی بینوین ، وەك بەکەم بەرهەمیان سەر کەوتنێکی گونجاوی بەخۆیەوە گرتبوو ، ئێمەش جوانترین پیرۆزبایی سەرکەوتن بۆ تیبی شانۆیی بینوین پێشکەشش دەکەین . ڕانیە بلوکی فرزەند .

هەوالی ڕۆشنبیری

● **یانەی ڕۆشنبیری سەربە یەکێتی گشتی قوتابیانو لاوانی سلێمانی ، چەند دەورەیەکی کردۆتەوە لەوانە :-**

دەورەی نەخشەی بلاوکردنەوەی سەر دیوار جۆرێتی نووسین و ڕێکخستنی و نوسینی‌و ئامادەکردنی‌و چاپ کردنی ، کەماوەی مانگێ دەخایەنێت ، قوتابیانی پلەی سەرەتایی کەلکی لێوەردەگرن

● **هەروەها دەورەیەکی وێنەگرتن کراوەتەوە ، کە ئەمەش مانگێ دەخایەنێت تیایدا ۲۲ قوتابی بەشداریان کردوە فێری ، جۆنێتی بەکارهێنانی کامیراو وێنەگرتن‌و شتنەوەو چاپ کردنی وێنەو گەورەکردنی‌و ڕەنگکردنی شێوەکاری هونەری ئەوپێشەیە دەبن هەر لە چالاکیەکانی یەکێتی گشتی قوتابیان‌و لاوانی سلێمانی.. یانەی هونەری چەند ئاهەنگێکی هونەری سازکردوە بەبۆنەی جەژنەکانی نادارو نەورۆزو سەرکەوتنەکانی ئەم دوایی‌یەی بەرەکانی جەنگ ، کە ئەم ئاهەنگانە پێشکەش کراوە بەبرا سەربازەکانمان هەروەها جەنگاوەرە کوردەکان لەشوێنەکانی خۆیان ، لەکاتێکا خەریکی کاری سەربازی خۆیانن ئەمش بەبۆنەی سەرکەوتنەکانیانەوە .**

هەروەها بە گەلەکاری نزیکەی ۷۰۰ هەفتا شەتڵی هەمە جۆر لەناو باخچەی یانەی هونەردا بەدەستی هونەرمەندان‌و قوتابیانی ئەو فێرگەیە ، بەبۆنەی جەژنەکانی نادارو نەورۆزەوە نیشاندران .

لقی سلێمانی

پرسیار نەکەی ۱۴۰۰!

زۆر جار پرسیارێکت نەهێت ، نازانی ئاراستەی کێ‌و چ لایەنێکی بکەیت ، چونکە بۆ ئەو پرسیارە کەس بە لێپرسراو دانەنراوە !؟ خۆ ئەگەر هاتوو لایەنێکیش بەرپرسیار بوو ، ئەوا وەلامێکی وات دەست نەکەوێت کە جارێك‌و بارێکی‌تر ، نە پرسیار بکەیت ،یان لە ڕووت بێت بپرسیتەوە ..

ئێوارەی هەینی ۱٤ـ۲ـ ۱۹۸٦ بێتوستم بە دەرمانێك بوو ، پاش ئەوەی دەرمانخانەی مالەوە گەڕام دەستم نەکەوت ، ناچار بووم پەنا بەرمە بەر دەرمانخانە ، ئەو ئێوارەیەش باران بوو ، ووتم چاکتر وایە بە تەڵەفون لە دەرمانخانەی ئێشك‌گر بپرسم ،لە ۱۰۲م پرسی ، ووتی کاکە ئێستا ئەو شتانە لای ئێمە نیە ، لە خەستەخانە بپرسە !

لە خەستەخانەم پرسی ! وتیان لە طواری بپرسە لە طوارێم پرسی وتیان لە دراوسێکەتان بپرسە !؟

بە هەر حاڵ هاتمە دەرێ سواری تەکسیەك بووم ، ووتم کاکە بۆ بەر سەرا ،کاکە بۆ شەقامی بیرمێرد ، کاکە بگەڕێوە بۆ شەقامی گۆران، برا گیان بەبە بۆ شەقامی حەمدی ، برای شوفێر ووتی ئەرێ برا عەیب نەبێت سلێمانیت هەموو گێڕام پێم ناڵێت بۆچی نەکەرێت .

حاڵو مەسەلەم بۆ گێڕایەوە ، ووتم دە برا بەبەرەوە ئەو شوێنەی یەکەمجار سوارت کردم ، ئەمەوو کرێکەشت چەند نەکات ،ووتی کاکە چارێ لە بەرانەوە بۆ بەر سەرا جارێکیش بە پێچەوانە ئەمە دینارو نیوێك ،ئاو شاریش هەمووی چوار داخڵی حسابکە ئەمە سێ دینارو نیو ، قەبناکە تۆ هەر سێ دینار بە ، ووتم باشە کاکە لەبەرانەوە بۆ ۷۵۰ فلس ؟ ووتی کاکە بارانەو کێ بەو نرخە ئێش ئەکا ! ووتم با ئەمیش زۆری لەسەر نەبوا سێ دینارەکەی بدەمێ ، ئەوکو داخلیەکانم لەسەر زۆرتر کا ، کاری پاست بێت کە دابەزیم ووتی پرسیارێك لە دەرو دراوسێیەکانیش بکە ،بەڵکو دەرمانەکەیان هەبێت، ووتم باشە بڕاگیان سوپاست ئەکەم خۆ نەخۆشخانەی طواری هەر لە ئێوارەوە ئەوەیان بێ ووتم .

ـ ئازاد ـ

شانۆنامەی تەرازوو

ئەم شانۆنامەیە لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕووداوەکانیەوە ، ڕووداوێکی ڕاستەقینەی ژیانی ئێمەی کوردی تێدا ڕەنگ داوەتەوە ، ڕووداوێك کە ئێمە هەمووی‌مان بە چاوی خۆمان بینیوە ، ڕووداوێك کە هەموو ڕۆژێك لە ژیانی ئێمەدا دووبارە دەبێ

دوو کۆبوونەوەی ـ پاشماوە

عبدالکریم الخزرجی سەرکردەی فەیلەقی یەکەم سێ نیشانەی نازایەتی خەوت پێ دا و لیوا روکن ماهر عبد الرشید سەرتیپی دەیەمی سێیەم نیشانەی رافیدینی پەی دووەمی جۆری سەربازیی دوو نیشانەی نازایەتی خەلات کرا و لیوا روکن فرۆکەوان نجدة مصطفی النقیب و لیوا روکن فرۆکەوان صفاء توفیق رشدی و لیوا روکن فرۆکەوان سالم سلطان عبدالله و لیوا روکن فرۆکەوان حسن خضیر الحاج احمد و لیوا روکن فرۆکەوان مظهر محمد الفرحان نیشانەی رافیدینی پلەی دووەمی جۆری سەربازیی خەلات کرانەوە ژمارە یەکیش لە نەفسەرە دلێرەکان نیشانەی نازایەتی یان پێبەخشرا .

عەرەفات ـ پاشماوە

میللی یەکەستینی یەکانا کرد کە لە بارەگای ڕێکخراوەکەدا بەسترا لە کۆبوونەوەیشی دوو ڕۆژدا کە چالاکی یەکانی فیدائی یەکەستینی یەکان لە ساڵی ۱۹۸۵دا چ لە بارەی جۆر یا ژمارەوە زیادی کردووەو گەیشتوونەتە ۸٦۳ چالاکی .

هەروەها وتی دڵنیام لە سەرکەوتنی وبستی فەلەستینی لە شەڕداو داوای لێکرد کە بڕیاری ژمارە ۲٤۲ی ئەنجومەنی ئاسایش بگۆڕێ بەو جۆرەی بەرژەوەندی فەلەستینی یەکانی تیابێ .

هەڵبژاردنی ـ پاشماوە

هونەرمەندانی لقی هەولێر ،دوای دەنگ دان لەم هونەرمەندانە بوونە ئەندامی دەستەی کارگێڕی ناوبراوی هونەرمەندانی لقی هەولێر ..

۱ ـ جمال هدایت
۲ ـ طلعت سامان
۳ ـ جودت شاکر
٤ ـ صباح عبدالرحمن
٥ ـ شیرزاد عوزێری

ئەم برادەرانەش بوونە ئەندامی ئیحتیات .

۱ ـ زهیر عبدالمسیح
۲ ـ احمد عبدالکریم البرزنجی

پاڵەوانانی ـ پاشماوە

مەبەستەی دوا چۆڕی نەوت لە ئێراندا نەهێڵنو توانای ئابووری دوژمن لە بن دەربێتنو لە ڕێگاشیاندا چ کەشتیی یەکی نەوت بەرو بارهەڵگری سەر بە ئێرانیان بەرچاو بکەوێ دەنیشنە سەریو لە ناوی دەبەن تۆپ هاوێژەکانیشمان شانبەشانی برا جەنگاوەرەکانی هێزی ئاسمانیو دەریاییان بەربوو ـنەتە تێکشکانی بنکەو سەنگەرەکانی دوژمنو بەپاستی سەربان بەتەواوی لە دوژمن تێکدراوەو هەموو جوولەبەکیان لێبڕیوە .

بەم چەشنە دوژمن بە خەیاڵی خاوی کە وای دەزانی بە پەلامارەدانی فاو بە پەلامارەدانی هەندێ لوتکە چیاکانی باکووری ولاتمان سەرکەوتنێکی وەختی دەست دەکەوێو بەمە خۆی لە بەرچاوی هەردوو رژێمی حافظ ئەزانی هەڵدەستێتەوە ئەوەشی لە دەست چووبا بۆ ڕیش هاتبود سمێلیشی لەسەر دانا .

لێژنەی ـ پاشماوە

ئێرانی تاوانبارکرد لەسەر بەردەوامبوونی شەڕو ڕازی نەبوونی بە هەموو نەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ وەستاندنی شەڕ بە شێوەیەکی ئاشتیانە .

لێژنەکە لە بەیاننامەیەکدا کە بڵاوکراوەتەوە وتی شەڕ بەردەوام نەدەبوو نەگەر وبستی عەرەبیو ناوچەییو جیهانیی پاستەقینە هەبوایە بۆ وەستاندنی شەڕو ڕژێمی نەسەدو ئەزانیو ئەوارەی زایونیو ڕژێمە دوژمنەکانی تر پشتی ڕژێمی ئێرانیلیان نەگرتایە .

ڕێکخراوەکە داوای ئەوەی کرد کە پشتیوانیی عیراق بکرێ لە بەرگریکردنیا لە خاکی وەک جۆن نەو وڵاتە عەرەبیانەی گرتووە کە زایۆنیزم دەستدرێژی دەکردە سەر خاکیان و هەڵوێستی پاڵەوانانەی هێزەکانی عیراق بوو کە بەرگری لە دیمەشق کردو نەیهێشت بکەوێتە دەستی زایۆنیی بەکانەوە .

وتەی هاوکاری ـ پاشماوە

دژان یا ژخوبە و چو بدەستێفە ناهێت ... و نەگەر بدرێژاهیا ۱۲۰۰ کیلو مترا ژ دریژاهیا بەرەیا شەڕی شیان پارچەکێ ژ عەردێ عیراقێ فەفەنینن بۆ چەند ڕۆژەکا نەوژی مانا وان ل وێ پارچا عەردی دێ لێ بێتە بارەکێ گران و لێ ناسن بن و بهاین وێ دێ گەلەك گران دەن و قارەمانێتێ عیراقی لێ شدیتن ... ئێدی دێ کەفنە تەپکێ ... و دەر چونا وان نەمانا وانە و چو بن نەهێت .. لسەر دەستێ عیراقیا دێ هێنە فەبراندن ئەفەیە کارێ ژۆردداریا حاکمیێت ئیرانێ ... ئێدی چو بن نامینیت دێ هەر گەفا کەن ... وەك درەوندێ بڕینداری هەتا نەو بڕین لێ دناڕیێت ... و تێدچت ...

تشتەکێ دی حاکمیێت ژۆردداریێت ئیرانی چو هزر بۆ نەدکر ئەو ژی نەوە .. وان وەسا بخو دەینا بۆ کو ئەگەر ڕێکا عیراقێ گرت ... زیکا دێ بدەستڤە هێت چونکە ل وێ هزرێ بون کو قوماندارێا عیراقی نە دگەل عیراقیانە ... بەڵێ نە دزانی کو میللەتێ عیراقی و قوماندارێا عیراقێ ئێك دڵە ... ئێك بیروباوەرە میللەتێ عیراقێ کورد و عەرەب ئێکن ئێك پەرژان ... هەمی پێکڤە دێ بەرگرین ژ وەلاتێ خو کەن ... جا چ ل ژۆرێا وەلاتی بیت یان ژێرێا وەلاتی ... نەف چەندە بۆ دوربەکێ مەزن بناف چاڤێت حاکمیێت ئیرانێ کەتی ... نە دزانی عیراقی پێکڤە دێ بەرگرین کەن ژ چیایێت کوردستانێ هەر وەك چەوا بەرگرین دکەن ژ ناخا عیراقێ ... بەصرە و فاو و هەر بارچەکا دی ژ ناخا عیراقێ ... ژۆردار ژی دێ هەر سزایێ خو بینیت ... و سزایێ حاکمیێت ئیرانێ سەرێ وانە ...

دانیشتوانی ـ پاشماوە

گۆڤارەکە کە لە ئەدەن دەردەچێ لە ژمارەی ئەم هەفتەیەیدا وتوبەتی هاوڵاتان هوتافیان دژی ڕژێمی سوریا کێشاوەو دروشمی نارەزایی یان بەرامبەر ڕژێمی حافظ اسد کە بە پشتگیری کردنی فەرمانڕەوایانی ئێران و دەست تێوەردانی کاروباری لوبنانەوە خەریکە بەرز کردەوە .

هەروەها گۆڤارەکە دەڵێ کارەدەستانی زایۆنی داگیرکەر دەیانەوێ باجی ئەو بخەنە سەر هاوڵاتانی بەرزایی یەکانی جۆلان بەهۆی ئەو خۆبیشاندانەی نواندیان .

بەرفراوان ـ پاشماوە

دیپلۆماسی یەکانی ڕۆژئاوا لە تاران وا دەبینن کە خومەینی لە فراوانبوونی بەرهەلستکەرانی جەنگ ترسی لێنیشتوە چونکە ئێستا هەتا لە ئاو لایەنگرانی ڕژیمەکەش بەرهەلستی پەیدا بووە .

لە ئاسەرچاوانەوە دەڵێن زیانی جەنگ لە ڕووی ماددیو نادەمیزادەوە ترسێکی زۆڕی لە ئاو خەڵکدا پەیدا کردوەو وا بۆ مەسەلەکە دەچن کە هاوبێتیکی زۆر گەرم چاوەڕێی ئێرانی یەکان دەکا بە هۆی ئەو تێوەگلانەی لە بەرەی خواروی جەنگدا تێی کەوتوون .

گۆشەی ـ پاشماوە

۲ ـ هەرچەندە ئەم کارەی ئاوا دەزەیی کارێکی بە نرخەو جێگای ڕەزامەندی هەموو لایەکمانە ، خۆزگە لە ساوورەی ناوچەکەی دەربچوبایە ، بەڵام نەمەبشیان لە نرخی کێتبەکەیدا کەم ناکاتەوە .

■ ماویەتی ■

ئاهەنگی ـ پاشماوە

لەلایەن قوتابی هاوڕێ محمودو کۆرس وەهەروەها چەند .

بەرهەمێکی جۆراو جۆر لەگۆرانیو هەڵپەرکێی کوردی لەوەی کەزیاتر سەرنجی ئامادەبوانی ڕاکێشا بوو شانۆگەری کاوەی ئاسنگەر بوو کەچەند قوتابی یەکی پەیمانگاکە پێی هەڵسا شانۆگەریی یەکە لە نوسینو دەرهێنانی قوتابی عەلی عثمان بوو وەهاریکاری یەکی زۆر لەلایەن مامۆستا نەوزاد باراوی لە ڕێگ خستنو خستنە ناوەوەی ئەکتەرەکان بۆ واقعیەتەکە .

لەو قوتابیانەی کەدەوری سەرەکییان دی بوو قوتابی شەمال عەلی لە دەوری کاوە و دڵشاد احمد یاسین لە دەوری زوحاکدا .

وەهەربەك لە قوتابیان جەزا عبدالله لە دەوری مزگەر سالار احمد لە دەوری سەرۆك وزەفرۆش کمال عبدالله لە دەوری جارچی نازاد حمە حسن و بەرزان محی الدین لە دەوری وەبەر .

بەنەواو بوونی شانۆگەریی یەکە کۆتایی هات بەتاهەنگەکە .

ڕۆژانە ـ پاشماوە

قەنەفەکەم وەستا ، ئەڵەرزی و لە چاویا ترسێکی ئەزیم بەدی کرد ، دەستم بە باڵو کڵاوەکەیدا هێنا ، ئەریەکەی بە پەنجەو ناو لەپەموە نووسا . کەمێك هەر وا مایەوە ، پاشان ڕووی کردەوە پەنجەرەکەو تاقو فیق چاوەکانی بەرەو ئاسمان هەڵخست ، وەك هەستی بە شتێك کردبێت هەڵفڕیو بە ناو خۆی کێشایەوە بە پەنجەرەکەدا ، ئەجاڵەیش لەسەر خۆ بۆم کردەوە ، کە چووە دەرێ بەسەر درەختێکی نزیك پەنجەرەکەوە نیشتەوە ، دیسان بە هەموو لایەکدا هەڵی ڕوانیەوە ، کە دڵنیا بوو ئای لە شەقەی باڵو ڕۆیشت . زانیم ڕۆیشتنی نەو میوانە نەبایە لەبەر ئەوە بوو نەك دوای کەمێکی تر منیش بیمە ئەو هەڵۆیەی کە ڕاوی ناو لە ناومردن خۆی بە زووەکەی منداکرد .

٤ ـ منداڵی

هەموو جارێ کە ئەی بینیم وەك ژوانی لەگەڵما بێت ڕانەوەستاو جاوەکانی ئێنەبڕیم ، پاشان هەناسەیەکی هەڵنەکێشاو ئەڕۆیشت ، لەبەردەم ڕوانینەکەیدا ئەبوومە کارمامزێکی ترساوو چاوم لە دیمەنەکان نامۆز ئەبوو ، وام ئەزانی ئەزوویەکی گەورە بەر لەشی سڕم ئەکەوێت ، یان ساماتکەو خەوە ڕنگاڵەیەکانم لێ جەواشە ئەکات ، ئەگەر چی هەستی بە منداڵیە ساردو سڕەکەی من کرد بوو ، بەڵام نەی ئەتوانی ڕێگا لە کێچێنێتیە هەڵجوونەکەی خۆی بگرێت، بۆیە جارێك سەهۆڵی شەرمەکەی شکاندو بە دەم ڕوانینە قوولە کەیەوە یێی وتم :

ـ ئەوسا لە نزیك ماڵەکەمانەوە کانیەکی زۆر جوان هەبوو ، ێێمان ئەوت کانی «جاوان» ، لەبەر تریفەی مانگە شەوی هاوینەدا ئەبریسکایەوە ، ووردە بەردەکانی ناوی ئەمەندە سپیو ڕوون ئەبان نواند ئەتووت ئەبانەوێت باڵ بگرنو لە کانیەکە بێنە دەرەوە ، ئەزانیت جاوەکانی تۆ لەو کانیە دەچن ؟

ئەمزانی چی بڵێم ، ئەم توانی نە ئەو کانیو ئاوە بێنمە بەرچاوەو نەبیری لێ بکەمەوە . ئەو بێی ووتم :

ـ دەتوانیش ئەمشایەکی جاوی من بکە ، ێێم بڵێ بزانم لە چی دەکەن ؟ ئەمشایەکی سادەی جاوە شینەکانیم کرد ، پرسیارەکەی کۆڵانێکی دەرنەچوو بوو ، هیچم بۆ نەوترا ، سەرم داخست ، ئەو زۆری چاوەڕێی کردەلە ئەنجاما هەناسەیەکی بێ لە تاسەی هەڵکێشاو ڕۆیشت .

ئیتا ئەزانم ـتەنکەـ لەو ئاسمانە باڵەو بن خەوشە ئەچوو کە شالێکی شینی بەم سەرو ئەو سەری ئاڵێا دابێت ، دوو ئەشتێرەی جڕیوەداریشی بە یەخەوەبن و ، بەم هێوری پرشنگ بڕێژنە ئەو کانیەوە کە نزیك بە ماڵی خۆیان بووە .

قوتابیان ـ پاشماوە

ئەیەوێ شەڕبکات ، لەسەردانەدانەوە خۆبەدەستەوەدان زیاتر هیچی تری بۆنامێنێتەوە .. ئێمەش بەناوی لاوانو قوتابیانی سلێمانیەوە ، پەیمان بۆ سەرەکی فەرماندە هەڤاڵ صدام حسین « خوا بپارێزێ » نوێ دەکەینەوە ، کە لەگەڵ بڕا جەنگاوەرو سەربازەکانماندا ئامادەبین هەموو کات بۆ بەشداری کردنی ئەو جەنگە پیرۆزە ڕەوایەمان ، تا ئەوەندەی تر دوژمنی لە ڕزگاو ترسۆکو نەزان بەناخدا بەرینە خوارێ ، ئیرەدا بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی کە لەبەرەکانی جەنگدا بەدەستمان هێنانەوە ، هەروەها بەبۆنەی جەژنەکانی ئادارو نەورۆزەوە پیرۆزبایی سەرکەوتن لەگشت سەربازو جەنگاوەرێکی نازای عیراقو سەرەکی فەرمانده صدام حسین « خوا بپارێزێ » دەکەین .

● عبدالوهاب اسماعیل سعید ●
ئەندامی لقی یەکێتی گشتی قوتابیانو لاوانی عیراق لە سلێمانی
لێپرسراوی کاروباری لاوان

●

● بەناوی قوتابیانو پێشەوانی سلێمانیەوە ، گەرمترین پیرۆزبایی بەبۆنەی ئەم سەرکەوتنە پر لە شانازیانەی کە سوپای دلێرمان بەدەستیان هێنانەوە لە ڕۆژهەڵاتی جوارتا و گشت بەرەکانی جەنگ هەروەها لەیادی بیرەوەری جەژنەکانی ئازارو نەورۆزدا ، لە هەڤاڵی سەرکردە صدام حسین « خوا بپارێزێ » و هەموو سەربازە قارەمانەکانی بەرەکانی جەنگ دەکەین .

پەیمانی وەفاداریو ڕاستی خۆمان بەخوێن دەنوسین ، کە هەمیشە سەربازێك بین بۆ پارێزگاری کردنی سنورمان ، هەموو دەم دیوارێکی پۆڵاین بین لە بەردەم ڕەشەبایی زەردی تاقمە گومڕا کراوەکەی قم و تاران کە بەشانازیەوە ، ئەمڕۆ گەلی کوردمان شان بە شانی برا سەربازەکانمان دەجەنگن نایەڵن لەبەك بستی ئەم خاکە دێرینەمان دا بمێننەوە . سەرکەوتن هەر بۆ ئێمەیە سەرشۆڕیو دوراندن بەزیوی هەر بۆ ئەو ڕەگەزپەرستانەیە پشت بە یەزدانی گەورەو هێزی بیری سەرکردەی لێهاتوو هەڤاڵ تیکۆشەر صدام حسین « خوا بپارێزێ » .

● دلێر بابا شیخ احمد ●
ئەندامی لقی یەکێتی گشتی قوتابیانو لاوانی سلێمانی
لێپرسراوی کاروباری پێشمەرگان

هاوکاری ـ پاشماوە

ل ئۆتابخانێ و دێ هینە ڤەکرن ل دیف بسپوری و ڕەنگی و مە بەری نوکە ئاگا داریەك ڕاگەهاند لدیف داخازیێت فێرکرنا پیشە سازی . بەڵێ جهن دەرچوێیت ڤێ نامادەین ؟

پ ـ تو چەوا بەرێ خۆ د دەیە پاشە ڕۆژا

و ـ ڕێکەکا لسەر چوبە ۱۰٪ یەکەمین خاندنا خۆ نەمام دکەن ل زانکوا .

ئەوێ دڤێت ئەو زیفبیت دبێت ل کار گەهو ورشا ڕاوەستان . هندەك ژی کە ماموستایێت پێشە سازی ل پشکێت کارین ل دیف بسپوریا خۆ .

پ ـ نایا هندە پاڤەدان بۆ شاگردا هەنە زیدەی ناف بری ؟

و ـ بەڵێ بۆ نمونە ئەنجومەنا سەر کردایەتیا شورەشێ بریارەك دا ب ڕاستکرنا ڕاڤیێت دەرچوا ژڤان ئۆتابخانا کو هندی دەرچوێیت نامۆژگەهان دبسا وەرگرتنا خەڵکێ گوندا ژ دەرفەی پارێزگەهێ ل پشکێت ئاکنجیانێ .

پ ـ تە دڤێت چ بێژی ؟

و ـ نارمانج ژڤان ئۆتابخانا ئادەکرنا کادرەکێ ئاڤنجیە دابینێت خەڵکەکا گەهاندنێ ئاف بەرا یاڵە و ئەندازیاری د پرۆژگەهێت بەر هەمدار دا ژ بەر هندێ نەم وەکاتێ سەر پلا زانینێ د کەین یاڤژین .

پ ـ تۆ چ شیرەت ناراستە دگەی بۆ قوتابیێت پۆلا سێ ئاڤنجی یێ کو دێ بێتە قوتابین ڤێ نامادەین .

و ـ وەلاتێ مە ێێتیکۆشەر ب سەرەکایا هەڤاڵ قارەمان صدام حسین (خودێ بهێلیت) ب وەرا و سەرکەفتن ێێ دچیت بەریف تەکنولوجیا ساغ لسەر دەست و داریت نەخۆش کو نەم دگەل جەنگەکا مەزن ێێ دژین و وەلاتێ مەیێ سەرکەفتی ب ئافە دانیەکا ب بها پێتگاڤا خۆین د هافێت ل دیف بزافا ژیانێ .

و ل دماهیێ و هەلکەفتنا سەر کەفتنێت سەر بازیت مافێ سەربازیت قوماندار ل فەیلەقا ئێکێ و سێی و هەفتێ سەربازیت سەرەکێ سەرکەفتی صدام حسین (خودی بهێلیت) و ب ڤێ چەندێ نەم کارتا پیرۆزباهیێ بۆ جەنابن وی فریدکەین و هەر وەسا بۆ سەربازیت وی بێت دلێرانە وەکو شێرا خۆ ڕاگرتی لسەر تۆخبی بەرسینگێ بابێ زەر دگرن دا کو گرنێنا جوان لسەر لێڤێت بجبکێت وەلاتی بمینیت و داکو زەنگێت سەرکەفتنێ لێ بدەن ل هەمی ئۆتابخانە و کارگەها و نەم هەر ل هیڤیا سەرکەفتنا دیماهیێ نە داکو سەربازیت سەرەکی بۆ مە ڕاگەهینن و نەم هەمی ب هیڤی ژ قانین دگەل ڤێ سەرکەفتنێ .

چەنەزانینێك ـ پاشماوە

بەریتانی و لەو بەڕی ئاسودەیی و خۆشیدا بڕیو پارەو سامانێکی زۆریش پێکەوە بنێت . بەڵام ئەو تەنها بەوە ڕازی بوو کە خۆی بەو شێوەیە دەژیو گەورە ترین سامانەلای ئەو خزمەتی گەلەکەی بوو .

لەم بارەیەوە دەنووسێت « لام وایە ئەوانەی من بە تەرەفداری ئینگلیز دەزانن لەم دوایەیدا تێم گەیشتون کە من ئینگلیزم بۆ خۆم خۆش ناوێ و هەرچی مەفهەمێتی شەخسی و تخصیصات و تەنانەت پارەی ئابونەیشم لەوان نەویستوەو نایشمەوێ . تەنها بۆ ئەمە کە لە ڕەوشتو ئەخلاقی ئەوان دەرسێکی ئیدارە وەرگرینو پەیرەوی ئادابی ئەوان بکەین ، هیچ نەبێ لەناو خۆماندا یەکێتی و هاوبەشیەکی وامان هەبێ کە لە پیاو بچین !؟ »(۹) .

لە مەڵبەندی ـ پاشماوە

بڵێین (خۆزگە ئیمە هونەرمەندانی ئەڵمانی گوێیان لە داخوازیەکەت ... نەدەناخنی .. !!) .

● هەروەها هونەرمەند ـ ئەنوەر عەبدوللا ڕەمش ـ لە بواری مۆسیقادا گوتی :

لەبەر ئەوەی ئیمە کەمان ساوایە ، جا بۆ ئەوەی ئیمە کەمان باشتر بتوانێ چالاکیەکانی بە بەردەوامی پێشکەشی جەماوەر بکات پێویستیمان بە چەند کادرێکی هونەری کارامەو شارەزا هەیە لەم بەشەدا ، هەرچەندە کە بەڕێز کاك « عبدالرحمن وستا حاجی » بێ دریغیکردنو لەمتوخەمی خۆیان لەگەڵما ماندوو دەکاو بگرە شارەزاییەکی باشیشی لەم بوارەدا هەیە ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەم ئیمە بە تەنها ڕاهێنەرێك بەڕێوە ناچێ ..!!

● لە بەشەکانی وەرزشدا بۆ ڕاهێنەرو مەشق پێکەری ئەم بەشە کاك ـ ڕێبوار محمد یوسف ـ گوتی :

پێویستە هەمیشە ـ مەڵبەندە وەرزشیەکان بەگشتیو مەڵبەندی نەڵادێ بە تایبەتی لە بارەی جێبەجێکردنو دابین کردنی شەمەکو پێداویستەکانی وەرزشی لە هەموو کاتێکا بەسەر بکرێتەوە ... هەر بۆیە ـ مەڵبەندی لاوانی نەڵادێ ـ بە سنگێکی بێ گەردو فراوانەوە لە بارەی ڕاهێنانو مەشق پێکردنی لاوە خاوەن بەهرەکانمان ، ئەو شوێنەی بۆ ئامادە کردینو والای ـ کردەوە .. وە هەروەها زۆر لە کەمو کوڕیو پێداویستەکانیشی بۆ چێبەجێ کردین ...

خوسەی ـ پاشماوە

هاوار هەی هاوار هاکمی زاڵم
هەرچەن زاڵمی دەهم کە لە هاڵم
خوسە هەژارم گەنجو جوانم
تاکەی ئەسیر کەی تو گیانم
مەگەر نیەزانید دنیا نازادە
ئەدالەت بەرجاو(۱۲) مەردم گشت شادە
تەرازو ئەدالەت تەماشا بکە
لە نازاری من دی هاشا بکە

وەلامی خوسە :

خوسە لە ناخبر پیم دا وەڵام
وت من جوانان بەم وەکو لاڤاو
وت هاکم منم مەهکوم کەرەمی
کەرەمی هێشان تو کوڕ خوەمی
ئەری براکەم بووە هاو ڕازم
بووە مونس بووە کار سازم
خوەمیش غەمینم بەڵام ئەو شادە
ئەسیرم کردگە لە دنیای شادە
سالم و زورمەن ماهر پڕ زور
پنتم چەمان و چەوێلم کرد کور
ئەسیرو بەدبەخت شار وەشارم کرد
لە هەردوو دنیا گرفتارم کرد
ملەت وەگشتی هەرکەم غەمبارن
هەر تو غەم نەبربد گشتی غەمبارن

(۱) خەم (۲) سوڕان
(۳) مرێشك (٤) بیر (فکر)
(٥) ئەم (٦) بێ دین
(۷) دوا (۸) دژ
(۹) تولەسەندن (۱۰) الله اعلم
(۱۱) دبی کە لە لورستان (۱۲) بلاو

هونراوەم : کەرەم ڕەزا

Institut Kurde de Paris

چوارینەیەک بۆ عیراق

● دڵنەنگ هۆرێنی ●

خاکی عیراقی شیرین
بۆ بە خاکێکی ڕەنگین
هەزاران شەهید لەدا
لەپەرچەمێتەربا بژین

* * *

عیرافمان شەهید نەدا
بێتێ خاك بە کەس نادا
هەتا دوا تنۆك خوێنی
پارێزگاری لێ نەکا

* * *

عیراق خاکی شەهیدان
جێی هەلاحەدینی کوردان
هەتا ماین لەم دنیا
نەبێ مەرد بێ لە جیهان

* * *

عیرافی چەرخی بیستەم
نایەوێ زەبر ستەم
لەبێ بژی بە شادی
بە نازادی و بە بێ خەم

* * *

هەر بژی عیرافی جوان
گوڵە لە ناو گوڵستان
لە هەر لایەك هێرش بێ
دڕکە بۆ داگیرکەران

* * *

عەرەب و کوردو تورکمان
هەر سێ هاوبەشن لە زیان
هەر سێکیان بە یەك دەستە
شەهیدن لە بۆ خاکیان

* * *

بۆ سەربەرزی تاتاوات
بێ نەکۆشن بۆ وڵات
ناوەستن بە ڕۆژو شەو
بۆ وڵات نەبکەن خەبات

* * *

لە زاخۆوە تا بەسرە
لەبەر خۆریا لە بەفرە
سنوریان نەپارێزن
نەمە بۆ عیراق فەخرە

* * *

عیراق شەڕی ڕەوایە
هەردەم دژی هەرایە
ئاشتی نەوێ بۆ جیهان
سەرکەوتن لە لای خوایە

* * *

هەر کەسێ لەسەر حەق بێ
بە قوربانی خاکی بێ
هەر وەکو ڕۆلەی عیراق
گران نیە شەهید بێ

هەر چەند شارەزایی لەزمانی کوردیدا نیە بەڵام خۆشەویستیکی زۆر بەبایەخی مەزنی تیادایە بەرامبەر نەدەبو بەرهەمی نەدەبی لە شعرو چیرۆکی کوردی .

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ:

کاظم سعدالدین وەرگێڕی ئەدەبی کوردی بۆ زمانە بیانیەکان

کاتێ کە پرسیاری نەو خۆشەویستیەمان بەرامبەری ئەدەبی کوردی لێ کرد .

وەڵامی دا بنەوە بەوەی کە نەێنی نەو بایەخە نازانێ .

هەروەها ئەڵێ هەمو نەدیبە کوردیانەی کردویەتی بە زمانی بێگانە .

(کتابی نەدەبی کوردی مامۆستا حمە خورشید وەری گێڕاوە بۆ زمانی سویدی و لە نامۆزگای زمان دا نە خوێندرێ .

کۆمەڵە شعرێکی کوردی بانزە شاعری کوردی هاوچەرخ . بۆ زمانی ئینگلیزی .

له گۆڤاری (عیراق الیوم) شعری گۆران و انور عبد القادرو رشید کوام)ی بڵاو کردوەتەوە .

هەروەها هەڵبژاردنی چەند شعرێك بۆ زمانی ئینگلیزی لەگەڵ بێشەکیەك دەربارەی نەدەبی کوردی و پێناسینی نەو نەدیبانە .

هەروەها دو نۆمەڵە چیرۆکی هەڵبژاردەی وەرگێڕاوە بۆ زمانی ئینگلیزی .

پرسیارێکمان دەربارەی هەڵسەنگاندنی ئەدەبی کوردی لێ پرسی و .. وتی : —

بە گوێرەی شعری کوردی ئینگلیزی .

دەربارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی بابەتەکان . وتی:

نەو بابەتانە هەڵمبژێرم کە لایەنێکی مرۆڤایەتی هاوبەشی هەمو میللەتەکان نەگرێتەوە بەرهەمەکانی ترى بۆ زمانی ئینگلیزی .

٥٠ نەسیدە لە شعری عیراق — ٥٠ چیرۆکی کورت.

٣٠ قەسیدەی میللی عیراقی .

هەروەها بڵاوکردنەوەی بابەتێکی فراوان لە ژێر ناوو نیشانی (الغناء والنواح) لە تەلویزیۆنی عەرەبی و رۆژگاوا.

لە لایەکی ترەوە نەرکی لە سەر نوسینی (الکبار یکتبون) بان بۆ سباردەوە نەو کتابەش ١٨ نووسەر بەشداری تیادا کردوە (ولیم نوکز — ساروبان موریاك — فرانسوا ساغان — مورافیا سیمون دی بۆفوار — اندریە جید — اندری مورا تنسی ولیەمس — مکسیم غورکی .

هەروەها کتابێکی تر دەربارەی کارێکردنی بیری ئیسلامی و وەرگێڕانی بیری عەرەبی رۆژهەڵات ناسی نەمریکی بۆ سایرراوە .

ئێستا مامۆستای ناوبراو لە بەشی ئینگلیزی گۆڤاری رۆشنبیری بیانی کار نەکات.

بەرلەوەی خانەنشینیش بۆ بۆماوەی ٣٠ سال مامۆستای زمانی ئینگلیزی و نەدەبی بو لە کولیجی پەروەردە .

ذکریات محمد حسن

سروودی عیراقیەکان

عبدالله عباس

بۆ کوێ هاتوون ؟
بۆکوێ دەچن ؟

● **هەتا خوونەکانتان ، نەی جەردەکان ، لە کۆلانەکانی تاراندا ، بەدەستی عیراقیەکان بوونەتە دەرسی و دەچەقێ بەگیانتانەوە بەچاوتاندا ..**

● **هەموو عیراقیەکان ، لە بەرەی ناوخۆ ، بوونەتە فیشەکی تفەنگی جەنگاوەرەکان ، لەبەرەی جەنگ .**

● **هەموو شیعری شاعیرەکان ، هەموو گۆرانیەکان ، هەتا سروودی بەیانیانی منداڵەکانمان لەقوتابخانەکان ،بوونەتە فیشەك ...**

● **چیا ، لە دامێنەوە تا لوتکە ، ڕووبارو دەریا لەقوڵاییانەوە تا شەپۆلی گەشتو بە ڕۆخ ، بوونەتە فیشەکێ تەی درێندە چاو بڕسیەکان.**

● **هەموو سنوورمان ناگرە ، دەست دراژکەن دەتانسوتێنێ ، هەموو عیراقیەك فیشەکە بەردانداندا دەتەقنەوە ...**

بۆ کوێ هاتوون ؟
بۆکوێ دەچن ؟

● **عیراقیەکان ، هەموو عیراقیەکان ، بەرەو لوتکەیە هەڵگاوبان ، بەرەو لوتکەیە هیوابان ، بەرەو لوتکەیە هەتا دەنگیان ، بەرەو لوتکەیە گۆرانیەکانیان ..**

ئێچە تیشکی بەئێنی ڕۆژێکیسن هەموو مرۆڤایەتی ڕیزمان دەگرێ و تەنیا درندەکانی تاران کویر دەکات ..

بۆ کوێ دێن ؟
بۆکوێ دەچن ؟

خاکمان بەسەر ، مەگەر نازانن ئێچە عیراقین و ... ئێچە وڵاتێکە ناوی عیراقە ؟!

چیرۆك بۆ منداڵان

خۆشەویستی خاك و نیشتمان

ڕۆستەم باجەڵان

نێوارە بوو . نێستەکەی دەنگی بێشەرگە نەلەستێنیە کان دەنگو باسی جەنگی بڵاو دەکردەوە . لەم کاتەشدا (حەلیمەی) منداڵو هەیتو لە ژێر یەکێ لە خێوەتەکانی «تل ازعتر»دا دانیشتبوو ..و ..بە ڕێگای ڕادیۆیەکی ترانسیستۆرەوە ، کە لە نامێزی خزی گرتبوو ،گوێی دەدایە خوێندەری دەنگو باسەکە . کە بەجۆشەوە هەو لەکانی سەرکەوتنی لە بەردی جەکدا دەخوێندەوە:

هێشتا لیستەی ناوی نەو بێشمەرگانەی لە بێنساوی نیشتمانا خۆیان بەخت کرد بوو . تەواو نەببوو . کاتێ (حەلیمە) بەسەر بەسەتی کوێی لە ناوی هەوفیقەی برایەکەی بوو خوێندیەوە .

حەلیمەی منال بە هۆی نەم هەواڵە ناخۆشەوە . سەری سوڕمی خواردو چاوەکانی ڕەشکەوبێشکەی دەکرد . نەبەدڵی بێ بکا ؟. ێ بکاتە هاوبەشەکانی نازارەکانی ؟.

بە قوڕگێکی پڕ لە گریانەوە بانگی ! باوکە شەکەتەکەی خۆی کرد ، کە لە دەرەوەی خێوەتەکەبانداً خەریکی پەرزین دامەزراندن بوو ...

نەویش هەر کە گوێی لە حەلیمە بوو دەفیژێنێ ، بە خێرایی خۆی کوتایە ناو خێوەتەکەوە .

— وەڵاڵ کوڕم ، ناوم فاتمە رحیم ٥٠ ..

● **نەوە خەریکی چی ؟**

— خەریکی شت فرۆشتنم ..کە لە گوندەوە دەیان هێنم ..خۆمی بێ دەگوزەرێنم .

● **لە تەیموە خەریکی ئەم سەودایەی ؟**

— بانزە ساڵێك دەبێ ..!

● **ماندوو نەبووی ؟**

ژیان و زەردەخەنەی پیرەژنێکی عیراقی

— نەء ... کوڕم نەء ... بنیادەم هەر بە کارکردنەوە جوانە ..

● **منداڵت هەیە ؟**

— سێ کوڕم هەیە .... بەڵام دەمەوێ بە نارەقی ناوچەوانم بژیم ..

● **خۆشترین کاتت ؟**

— کە لە کار دەگەڕێمەوە. هەموو ماندووبوونی نەو ڕۆژەم بیر دەچێتەوە .

● **لە پیرمان چوو ، لە تەمەنت بپرسین ؟**

— هەر هێندە دەزانم سالی گرانیەکە هەبوو ... نیتر نازانم عومرم چەندە .!

● **چی کرد ؟**

— دەمەوێ نەم بەهارە خەڵك بێ بەش نەکەم لە ماست ... بەڵام ماستی بێ فرۆشتن !!

— شێرزاد —



کاتێ خۆشەویستی مرۆڤبەرامبەر ژیان دەگاتە ئەوپەڕی، مانای خەونو ناواتی مرۆڤ گەورەتر دەبێ تا دەگاتە ڕادەی سووتان ، نەوەتا ..نەم پیرە بە ساد ساڵەوە ، بە خۆشەویستی بەرەوام ژاوەژاوی تەمەن دەنێو زەردەخەنە لەسەر دەموچاوی لا نابڕێت

● بەردەم کارکردەوە . کارەساتی ساڵانی ڕابردوو ڕام کێشابە ناو هەندێ پرسیار ، بە هێمن و لەسەر خۆ وەڵامی دەداەوە . وەك بڵێی مەبەستو ئازاری ژیانو چیە ؟

● **پووڕ گیان ناوت**

زمارەی نوێی

گۆڤاری

ڕۆشنبیری نوێ

ژمارە ١٠٩ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ کە گۆڤارێکی وەرزیە بۆ لێکۆڵینەوە کەلەدەزگاکەمانەوە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیەوە دەردەچێت بەبەرگێکی ڕازاوە بەوێنەیەکی نەفەرتیتی کە بووکێکی هەوارگەی کوردەواری بووەکەوتە بەردەست خوێنەران.

لەم ژمارەیەداو لە ڕابۆرتی جەنگو زیانباریدا ئەم بابەتانە بڵاوکراوەتەوە ڕۆژی لە دایکبوونی سەرکردە کمال امین سمین ، ڕۆژا ڕەوشەنبیریا کوردی و .... جمال بروارى ، ٧ی نیسان ڕۆژی .. مولود سورچی ، کرماشان شارە جوانەکەی.. جمیل ڕۆژبەیانی ، ئەم شیرازەیە بۆ وا تێکچووە حلمی علی شریف .

لە بەشەکانی تری گۆڤارەکە لە ڕۆژنامەگەری و میژوو وێژەو زانیاری و زمانەوانی و بیرەوەری و کە لە پوورو هونەردا چەند پسپۆڕو دێتۆرو ئەدیبو نووسەری ناسراو بەشدار بیان کردووە لەوانە مامۆستا مستەفا نەریمان ، د. جمال رشید احمد ، د. کمل بصیر ،د. امین علی موتابجی ، د. نەورەحمانی حاجی مارف ، مسعود محمد ، ابراهیم امین بالدار ، کمال جلال غریب ، فؤاد حمە خورشید ، سعیدی سلۆ ، تێلی امین ، مسعود حسین بۆتانی ،نوری علی امین ، وریا عمر امین ، محسن ناوارە احمد سعید احمدو چەند نووسەرێکی تریش .

ئەوەی شایانی باسە لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا ڕۆژمێرێکی کوردی ڕەنگاورەنگی نایاب بڵاوکراوەتەوە .

خەندەی سەرلێوی منداڵانی سلێمانی هەمیشە گەشە

هەتا پیرۆزی و خۆشەویستی خاکمان لە دڵدابێت. خەندەی سەرلێومان گەشەتردەبێت، سەرکەوتنمان هەمو ڕۆژی جەژن دەبێت ،ئارەزی تێکۆشانی جەنگاوەرە نەبەردەکانمان لەبێنساوی پارێزگاری عیراقی خۆشەویستمان ، کێبڕکەکانمان ناودەدات ، ئەم وڵاتە شیرینەدا ،باوکو برا نازادەکان بەرێزیەوە پارێزگاری لەشکرەکەو یارمەتی دەکەن ،

دایکانو خوشکانیان ، بەرێزیان دەگرن ، بەبڕواوە بۆبەرەنگاری جەنگ بەخەندەی گەشەوە ، پەیامی سەرکەوتنەکانیان دەبیستن، بەباوەشی گوڵی بەهاری جوانەوە ، پێشوازیان دەکەین ، مژدەی سەرکەوتنیان لێ وەردەگرین .

هاوکاری

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
وەزیرە
تەنیشت
(المعهد القضائی)

تەلەفون
٢٥١٨٤٦
٥ خەت

خەندەی خوێنی سەرکەوتن

● **هوزیە خۆشناو** ●

لەگەڵ هاتنی هەر بەهارێکا ، مۆمێکی سەرکەوتنی تازە دادەگیرسێنین
لەگەڵ هەر سەرکەوتنێکی نوێدا ، چەپکن گوڵ لە دەشت
لە بەردەم گۆڕی سەربازی ون سەر دادەنوێنین
دەچڕێنین ، ئێوە مەزنن ... خوێنی ئێوە
تەوژمی گوڕی پارێزگاری عیراقی خۆشەویستە
ئێمەش بۆ تۆلەی ئێوە ، ڕۆحمان لەسەر دەستە
بەڵێ نەی شەهیدی شکۆمەندو دڵێر
داستانی خەباتی پاڵەوانی تۆ ، مێژووی نەبەزینی نەم گەلەیە

وەك قان ترۆی جەنگاوەرو بوێر
خونچەی نەم بەهارە ، منداڵو لاوو پیری نەم هەواڕە
چاوی پڕ لە خۆشەویستیو هیوا
بۆ مەیدانی خەباتو جەنگ ، نەسووتن وەك چرا
ڕێگی تۆلە گەورە نەبن گیانی خۆ فیداکردنیش لامان هەرزان .

Institut Kurde de Paris